# عیراقیەتیی سەرانی کورد

**ئەمجەد شاکەلی**

هیچ جەنگ و کوشتارێک خۆش نییە و بە قازانجی مرۆڤ نییە. کە مرۆڤ پەنا دەباتە بەر چەک، ئیدی دەکاتە ئەوەی، کە هیچ ڕێگەیەکی دیکەی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن نەماوە و هەموو ئەو ڕێگەیانە گەیشتوونەتە بنبەست. لە 1964ەوە تا پێش چەند ساڵێک کوردی باشووری کوردستان یا ڕاستتر حیزبەکانی باشووری کوردستان، یەکدییان دەکوشت و ئەوەی ناشێ بەیەکدییان دەکرد، عەرەب نەک هەر نێوبژییان نەدەکردن، بەڵکە ئاگری جەنگی کورد-کوردیان خۆش دەکرد و بەنزینیان پێدا دەکرد و کۆمەکیان بە هەردوو یا هەر چەند لای جەنگگێڕ و بەشەڕهاتوو دەکرد. جەنگی کورد-کورد ئەو ئەنجامەی لێ بووەوە، کە ئێستا بە چاوی خۆمان دەیبینین، ئەویش دابەشکردنی باشووری کوردستانە بە سەر دوو دەسەڵاتی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتیی دیموکراتی کوردستاندا و دابەشکردنی مێشکی خەڵکی کوردیشە بە سەر دوو جۆرە دید و ڕەوشت و هەڵسوکەوت و جوگرافیا و دوو خوێندنەوەی جیاوازدا بۆ مێژوو. لەگەڵ هەر تێکچوونێکی نێوان دوو دەستەی عیراقی یا دوو دەستەی عەرەب، وەک ئەوەی نێوان دەستەی ئەسسەدر (الصدر)و ئەلحەکیم(الحکیم)، کە لەم ڕۆژانەدا ڕوویدا، سەرانی کورد زۆر بە جیددی دەکەونە نێوانیان و ناوبژییان دەکەن، ئەویش لە پێناوی پاراستنی یەکیەتیی خاکی عیراقدا و لەترسی ئەوەی نەوەکا عیراق لەتلەت بکرێت و ببێتە چەند پارچەیەکەوە!. سەرانی کورد دەبوو ئەو خۆشەکەتکردنەیان هەڵگرتبا بۆ یەکخستنەوەی ماڵی خۆیان و چاککردنی وڵاتەکەی خۆیان و هەموو جیاوازی و پێکدادان و ئاژاوەیەکی نێو عیراقیان، کە عیراق بەرەو دابەشکردن و پارچەپارچەبوون ببات، پێ باش بووایە و بە قازانجی گەلی کوردستانیان زانیبا. شیعە و سوننەی عەرەب و خەڵکانی دیکەی عیراق بۆ خۆیان تەقەلای خۆدابڕین و جوێبوونەوە دەکەن لەیەکدی و لەگەڵ یەکدیدا هەڵناکەن و نایانکرێت، سەرانی کورد وەدوویاندا هەڕا دەکەن و دەستەودامانیان دەبن بۆ ئەوەی لێک جودا نەبنەوە و ئەو عیراقە لەتلەت نەکەن و یەکیەتیی خاکەکەی، کە بە لای سەرانی کوردەوە گەلێک پیرۆزە، بپارێزن. سەرانی کورد لە پێشبڕکێی عیراقیبووندا هەمیشە لە پێشی پێشەوەن و هەرگیز کەس لە خۆیان بە عیراقیتر نازانن.

2005/8/25